# پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زەکاتی سەرفیترەی فەرز کرد، صاعێک (چوار مشت) لە خورما

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زەکاتی سەرفیترەی فەرز کرد، صاعێک (چوار مشت) لە خورما، یان صاعێک لە جۆ، لەسەر ئازاد وبەندە، ونێر ومێ، وبچووك وگەورە لە مسوڵمانان، وفەرمانیکرد پێش دەرچوونی خەڵکی بۆ نوێژی جەژن دەبێت؛ (زەکاتی سەرفیترە) دەربکرێت».

[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- زەکاتی سەرفیترەی واجب کردووە لە پاش تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان، ئەمیش هێندەی کێشی صاعێکە (کە چوار مشت دەکات). المد: بریتیە لە پڕ بە هەردوو دەستی پیاوێکی مامناوەند کاتێك دەستەکانی پێکەوە دەلکێنێت، زەکاتی سەرفیترە لە خورما یان دانەوێڵە یان لە خواردنەکانی تر دەردەکرێت، لەسەر هەموو مسوڵمانێکە دەری بکات؛ ئازاد وبەندە ونێر ومێ وبچووك وگەورە، زەکاتی سەرفیترە واجبە لەسەر ئەوانەی خواردنی شەو وڕۆژێکیان هەیە، دەریدەکات بۆ خۆی و لەجیاتی ئەوانەی مەسرەفیان دەکێشێت. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەوەی دەربکرێت لە پێش دەرچوونی خەڵکی بۆ ئەنجامدانی نوێژی جەژن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4520